# بـانكــى پـــرسيـارەكـان

**بابەت: (التشريعات المكملة في القانون الخاص)**

**تشريعات الملكية الفكرية - قانون حماية المستهلك - قانون الإستثمار - قانون رعاية القاصرين**

**مامۆستای بابەت : پ.ی.د.ئالان بهاءالدين عبدالله المدرس**

**قۆناغی پێـنجەم – بەشی یاسا**

**ساڵی خوێندنی 2022 ـ 2023**

1. مەبەست لە مـافـەكانی خاوەندارێتی هزری چیە؟ ئەمە روون بكەوە.
2. باس لە دەركەوتنی مێژوویی مافەكانی خاوەندارێتی هزری بكە.
3. سروشتی یاسایی مافەكانی خاوەندارێتی هزری دیاری بكە.
4. بۆچی مافەكانی خاوەندارێتی هزری بە مافی عەینی هەژمار ناكرێن؟
5. بۆچی مافەكانی خاوەندارێتی هزری بە مافی كەسی هەژمار ناكرێن؟
6. ئایا یاساكانی رێكخستنی مافـەكانی خاوەندارێتی هزری بە یاسای تایبەت هەژمار دەكرێن؟ بۆچی؟
7. ئایا یاساكانی رێكخستنی مافـەكانی خاوەندارێتی هزری بە یاسای گشتی هەژمار دەكرێن؟ بۆچی؟
8. گرینگی مافەكانی خاوەندارێتی هزری لە رووی ئابووری چیە؟ ئەمە روون بكەوە.
9. گرینگی مافەكانی خاوەندارێتی هزری لە رووی سیاسی چیە؟ ئەمە روون بكەوە.
10. ئەو یاسایانە بژمێرە كە لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان كاریان پێ دەكرێت بۆ رێكخستنی مافەكانی خاوەندارێتی هزری؟
11. ئەو رێكەوتنامە نێودەوڵەتییانە بژمێرە كە واژووكراون بۆ رێكخستنی مافەكانی خاوەندارێتی هزری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.
12. رێكەوتنامەی تریپس كۆمەڵێك پرانسیپی بنەڕەتی پەیوەست بە مافەكانی خاوەندارێتی هزری لەخۆ گرتووە، ئەو پرانسیپانە باس بكە.
13. بۆچی دەبێت وڵاتانی ئەندام لە تریپس شەفافیــەت پەیرەو بكەن؟ ئەمە روون بكەوە.
14. مافەكانی خاوەندارێتی پیشەسازی چی دەگرێتەوە؟
15. مافەكانی خاوەندارێتی بازرگانی چی دەگرێتەوە؟
16. مافەكانی خاوەندارێتی هونەری و ئەدەبی چی دەگرێتەوە؟
17. مەبەست لە داهێنان چیە و جیاوازی چیە لە نێوان داهێنان و دۆزینەوە؟

18. کێن ئەوانەی کە لە عێراق مافی پێشکەشکردنی داواکاری تۆمارکردنی داهێنانیان هەیە؟ بیانژمێرە.
19. ئەو حاڵەتانە باس بکە کە غەیری داهێنەریش دەتوانێت داواکاری تۆمارکردنی داهێنان لە عێراق پێشکەش بکات.
20. یاسادانەر چۆن حاڵەتی هەبوونی زیاتر لە داهێنەرێکی رێکخستووە بۆ پێشکەش کردنی داواکاری تۆمارکردن؟ ئەمە روون بکەوە
21. یاسادانەر چۆن حاڵەتی داهێنانی کرێکارانی رێکخستووە بۆ پێشکەش کردنی داواکاری تۆمارکردن؟ ئەمە روون بکەوە
22. جیاوازی چیە لە نێوان داهێنانی لاوەکی و داهێنانی سەربەخۆی کرێکاران؟ ئەمە روون بکەوە.
23. مەبەست چیە لە مەرجی نوێیەتی بۆ تۆمارکردنی داهێنان؟
24. جیاوازی چیە لە نێوان نوێیەتی رەها و نوێیەتی رێژەیی بۆ تۆمارکردنی داهێنان؟
25. مەبەست چیە لە مەرجی هەنگاوی داهێنەرانە بۆ تۆمارکردنی داهێنان؟
26. مەبەست چیە لە مەرجی جێبەجێکردنی پیشەسازی بۆ تۆمارکردنی داهێنان؟
27. ئەو داهێنانە چین کە یاسای عێراقی پارێزگاریان لێ ناکات؟ بیانژمێرە.
28. باس لە مافەکانی خاوەنی بڕوانامەی داهێنان بکە لەسەر داهێنانە تۆمارکراوەکەی؟
29. ماوەی پاراستنی داهێنان چەندە و چۆنە بە پێی یاسای عێراقی؟
30. مەبەست لە نموونە و هێلکارییە پیشەسازییەکان چیە؟ ئەمە روون بکەوە.
31. مەبەست لە مەرجی نوێیەتی چیە بۆ پاراستنی نموونە و هێلکارییە پیشەسازییەکان؟
32. ئەو حاڵەتانە باس بکە کەوا نموونە و هێلکارییە پیشەسازییەکان مەرجی نوێیەتی لە دەست دەدەن.
33. مەبەست لە مەرجی جێبەجێکردنی پیشەسازی چیە بۆ پاراستنی نموونە و هێلکارییە پیشەسازییەکان؟
34. لە عێراق و هەرێمی کوردستان نموونە و هێلکارییە پیشەسازییەکان لەلای چ جیهەتێکی رەسمی تۆمار دەکرێن؟
35. مافەکانی خاوەنی نموونە و هێلکارییە پیشەسازییەکان چیە؟ باسیان بکە.
36. ماوەی پاراستنی نموونە و هێلکارییە پیشەسازییەکان چەندە و چۆنە بە پێی یاسای عێراقی؟
37. پێناسەی هێما بازرگانییەکان بکە.
38. گرینگی هێما بازرگانییەکان چین؟ باسیان بکە.
39. شێوە و شێوازەکانی هێما بازرگانییەکان بە پێی یاسای عێراقی چۆنە؟ ئەمە روون بکەوە.
40. چۆن وشە و ژمارە دەبن بە هێمای بازرگانی؟ ئەمە روون بکەوە.
41. چۆن وێنەی فۆتۆگرافی دەبن بە هێمای بازرگانی؟ ئەمە روون بکەوە.
42. چۆن رەنگ و نەقش و نیگار دەبن بە هێمای بازرگانی؟ ئەمە روون بکەوە.

43.چۆن دەنگ و تام و بۆن دەبن بە هێمای بازرگانی؟ ئەمە روون بکەوە.
44.مەبەست لە سیفەتی جیاکارنە چیە وەك مەرجێك بۆ پاراستنی هێما بازرگانییەکان؟
45.مەبەست لە نوێیەتی چیە وەك مەرجێك بۆ پاراستنی هێما بازرگانییەکان؟
46.یاسادانەری عێراقی بە چ جۆرە نوێیەتییەکی وەرگرتووە بۆ پاراستنی هێما بازرگانییەکان؟
47.مەبەست لە نوێیەتی لە رووی شوێنەوە چیە بۆ پاراستنی هێما بازرگانییەکان؟
48.مەبەست لە نوێیەتی لە رووی بازرگانییەوە چیە بۆ پاراستنی هێما بازرگانییەکان؟
49.مەبەست لە مەرجی رەوایەتی چیە بۆ پاراستنی هێما بازرگانییەکان؟
50.ئەو هێما بازرگانییانە بژمێرە کە هەرگیز بەپێی یاسای عێراقی تۆمار ناکرێن؟
51.مەبەست لە مەرجی تۆمارکردن چیە بۆ پاراستنی هێما بازرگانییەکان؟
52.ماوەی پاراستنی هێما بازرگانییەکان چەندە و چۆنە بە پێی یاسای عێراقی؟
53.مەبەست لە کار (المصنف) چیە؟ ئەمە روون بکەوە.
54.مەبەست لە دانەر (المؤلف) چیە؟ ئەمە روون بکەوە.
55.مەبەست لە کاری بە کۆمەڵ (المصنف الجماعي) چیە؟ ئەمە روون بکەوە.
56.مەبەست لە کاری هاوبەش (المصنف المشترك) چیە؟ ئەمە روون بکەوە.
57.مەبەست لە داهێنان چیە وەك مەرجێك بۆ پاراستنی هەر کار (المصنف)ـێك بەپێی یاسا.
58.مەبەست لە دەرچوون بۆ ژیان چیە وەك مەرجێك بۆ پاراستنی هەر کار (المصنف)ـێك بەپێی یاسا.
59.بۆچی تۆمارکردن و سپاردن (الإيداع) مەرج نیە بۆ پاراستنی کار (المصنف)؟
60.ئەو (کارانەی – المصنفات) بژمێرە کە یاسا پارێزگاریان لێ دەکات.
61.ماوەی پاراستنی مافی دانەر چەندە و چۆنە بە پێی یاسای عێراقی؟
62.مەبەست لە پاراستنی مافی بەکاربەر چیە؟
63.ئامانج لە دەرکردنی یاسای بەکاربەر چی بوو؟ باسیان بکە.
64.کەی یاسای پاراستنی بەکاربەر لە عێراق دەرچوو؟ و کەی لە هەرێمی کوردستانیش بەرکار کرا؟ و بە چ یاسایەك؟
65.یاسای پاراستنی بەکاربەر بەسەر کێ جێبەجێ دەبێت؟ ئەو لایەنانە دیاری بکە.
66.مەبەست لە کالاّ (السلعة) چیە بەپێی یاسای پاراستنی بەکاربەر؟
67.بۆچی عەقار بە کالاّ هەژمار ناکرێت؟ ئەمە روون بکەوە.
68.ئایا مەرجە کالاّ نوێ بێت بۆ ئەوەی بەکاربەر بپارێزرێت؟ بۆچی؟
69.مەبەست لە خزمەتگوزاری (الخدمة) چیە بەپێی یاسای پاراستنی بەکاربەر؟
70.مەبەست لە بەکاربەر (المستهلك) چیە بەپێی یاسای پاراستنی بەکاربەر؟ و ئایا یاسادانەر بە چ مەفهومێکی وەرگرتووە؟
71.مەبەست لە دابینکار (المجهز) چیە بەپێی یاسای پاراستنی بەکاربەر؟ ئەمە روون بکەوە.

72.مەبەست لە ڕێکلامکار (المعلن) چیە بەپێی یاسای پاراستنی بەکاربەر؟ ئەمە روون بکەوە.
73.باس لە مافەکانی بەکاربەر بکە بەپێی یاسای پاراستنی مافی بەکاربەر.
74.ئەو ئەرکە پۆزەتیڤانە بژمێرە کە بەپێی یاسای پاراستنی بەکاربەر لەسەر دابینکار و ڕێکلامکارە.
75.ئەو ئەرکە نێگەتیڤانە بژمێرە کە بەپێی یاسای پاراستنی بەکاربەر لەسەر دابینکار و ڕێکلامکارە.
76.مەبەست لە ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەر چیە؟ و ئایا لە هەرێم پێکهاتووە؟
77.ئەو لایەنانە دیاری بکە کە بەپێی یاسا دەبن بە ئەندام لە ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەر.
78.باس لە کار و پسپۆڕییەکانی ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەر بکە.
79.ئایا بە فیعلی یاسای پاراستنی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان کاری پێ دەکرێت؟ بۆچی؟
80.ئایا لە هەرێمی کوردستان بەکاربەر زانیاری تەواوی هەیە لەسەر مافەکانی بەپێی یاسای پاراستنی بەکاربەر؟ بۆچی؟
81.مەبەست لە وەبەرهێنان چیە؟
82.ئایا جیاوازی هەیە لە نێوان وەبەرهێنەری بیانی و وەبەرهێنەری عێراقی لە رووی پێدانی جیاوك و ماف؟ چۆن؟ ئەمە روون بکەرەوە.
83.ئەو بەخشینە داراییانە چین کە یاسادانەری کوردستانی بە وەبەرهێنەری داوە بۆ ئەوەی هانی بدات لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان بکات؟
84.پرۆسەی پێدانی زەوی بە وەبەرهێن چۆنە؟ ئەمە روون بکەرەوە.
85.یاسادانەر چۆن مامەڵەی کردووە لەگەڵ سەرپێچییەکانی وەبەرهێنەر؟
86.جیاوازی نێوان دەستەی وەبەرهێنان و ئەنجومەنی وەبەرهێنان چین؟ باسیان بکە.
87.چۆن مۆڵەتی وەبەرهێنان دەدرێت؟ و ضماناتی وەبەرهێنەر لەم پرۆسەیە چیە؟
88.ناکام کێیە؟ ماف و دەستەڵاتەکانی چین؟
89.دەستەڵاتەکانی وەصی و وەلی و قەییم بۆ بەڕێوەبەردنی موڵك و ماڵی ناکام چین؟
90.ئەرکی فەرمانگەی چاودێریکردنی ناکامەکان بۆ پاراستنی مافەکانی ناکام چیە؟